

ئافرەتان كەمتر روو لە كەرتی تایبەت دەكەن

# لە كەرتی تایبەتدا ژمارەیان كەم و توانایان زۆرە

زۆرێك لە چاودێرانی سیاسی و ئابووری لەناوخۆ و دەرەوەی هەرێمی كوردستان جەخت لەوە دەكەنەوە كە هەرێمی كوردستان لە چەند ساڵی رابردوو لەگشت جومگەكانی ژیاندا هەنگاوی بەرەو پێشكەوتن هەڵگرتووە، رێژەیەكی بەرچاوی ئافرەتانیش لەناو پەرلەمان و دامودەزگاكانی حكومەت و رێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی دەبیندرێن، بەڵام هێشتا ئافرەتی كورد بە رێژەیەكی زۆر كەم خۆیان لە قەرەی كاركردن لە كەرتی تایبەت دەدەن، هاوكات لە بواری بازرگانی و سەرمایەگوزاری و وەبەرهێناندا بەپەنجە دەژمێردرێن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان، هۆكارەكەی زیاتر بۆ ئەوە دەگێڕنەوە كە هەتا ئێستا كۆمەڵگەی كوردی بواری بۆ ئافرەتان نەڕەخساندووە بۆ ئەوەی بتوانن لە بواری ئابووری پێگەیەكی گرنگ بۆ خۆیان دەستەبەر بكەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

بێگومـــان داهـــات و ئابووریـــی تاك لـــە پێداویســـتییەکانی بەردەوامبوونی مرۆڤـــە، ئەگەر لە رابـــردوودا دابینکردنی باری دارایی و داهاتی خێزان زیاتر لە ئەســـتۆی رەگەزی نێرینەدا بووە، لە ئێســـتادا تەنانەت لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانیشـــدا ئافرەتان بە رێژەی جیاواز خاوەن داهاتن و باری ئابووریی خێزان گەشە پێدەدەن. مارکس دەڵێت: «ئەوەی ئابووریی سەربەخۆی نەبێت، بیرکردنەوەی سەربەخۆشـــی نابێت»، واتە کەســـی خاوەن داهات دەتوانێت زیاتر خـــاوەن ئیرادەی خـــۆی بێت. بۆیە ئافرەتانیـــش هەوڵیان داوە لەو هاوکێشـــەیە بێبەش نەبن و لە هەرێمی کوردســـتانیش ســـەرەڕای بەربەســـت و کەموکورتییەکان بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لە رێژەی بەشـــداری ئافرەتان لە دابینکردنی بژێـــوی خێزان بەدی دەکرێت، تەنانەت ژمارەیەکیش لە ئافرەتان لە کەرتی تایبەتدا دەبیندرێن.

لانە عەبدولوەهاب بەڕێوبەری کۆمپانیای (Q٨٠) بۆ بازرگانی گشتی ســـنووردارە، ئەو خانمە کوردە هێشتا لە هەرەتی تەمەنی لاویدایـــە و یەکێکە لـــە ئافرەتە ســـەرکەوتووەکانی بواری کەرتی تایبـــەت و لـــە ماوەیەکی کەمـــدا توانیویەتـــی تواناکانی خۆی دەربخات و ئێســـتاش بەڕێوبەری کۆمپانیایەکە. لانە هێما بۆ ئەوە دەکات کە زۆر لە دەوڵەتەکان بۆ کەڵك وەرگرتن لەتواناو لێهاتوویی بەرفراوانی ئافرەتان، چەندین هەنگاوی گرنگیان ناوە و بە تایبەتی لە وڵاتانی پێشـــکەوتوودا بە جددی هەوڵی ســـڕینەوەی تەنگ و چەڵەمەکانی ســـەر رێگەی بەشداریی ئافرەتیان لە بوری ئابووری داوە. گوتیشی: «ئەو وڵاتانەی کە ئافرەتی سەرمایەداریان زۆرە، توانیویانە لە گشت بوارەکاندا وەبەرهێنانی زیاتر بکەن. واتە ئەگەر ژنان وەك پێویست گرنگی بە خۆیان بدەن و تواناکانیان برەو پێبدەن، دەتوانن کۆمەڵگەیەکی بە بەرهەمیش پێکبهێنن و رۆڵێکی کاراش لە گشت کایەکاندا بگێڕن، بەتایبەتی لە بواری ئابووری. ئەمەش وایکردووە لە کۆمەڵگەکانـــی ئەمریکای لاتینیدا زۆرترین رێژەی ژنـــان بێننە گۆڕەپانـــی کارەوە. هەروەها لە وڵاتانـــی فەنزویلا، بەڕازیـــل، ئەرجەنتین، ئیکوادۆر و کوبـــا کچان زیاتر لە کوڕان لە زانکۆکان دەخوێنن، ســـالانەش لـــە ئەزموونەکانی خوێندندا کچان بەشـــێوەیەکی گشتی ســـەرکەوتووترن و ئیش و کارێکی باشتریش بەدەستەوە دەگرن».

لانـــە بە پێویســـتی دەزانێت حکومەتی هەرێـــم هەلی زیاتر بۆ ئافرەتان بڕەخســـێنێت بۆ ئەوەی لە بواری ئابووریدا گەشە بکەن، گوتیشی: «بەرپرسانی حکومەتی هەرێم پێویستە پێداچوونەوەیەك بە بەرنامەی خۆیاندا بکەن و هانی ئافرەتانی هەرێمی کوردســـتان بدەن بـــۆ ئەوەی ئەوانیش بێبەش نەبن لە دروســـتکردنی ئابووری کوردستان، چونکە نزیکەی (٢٠ تا ٣٠) ئافرەت خاوەن کۆمپانیای خۆیانـــن و کاری بازرگانی دەکەن، ئـــەو رێژەیەش بەراورد بکەین بەجیهانـــی دەرەوە زۆر کەمە و جیاوازییەکی زۆری هەیە، کەچی ئەو ئافرەتانەی کاری حکوومی دەکەن، رێژەیان گەلێك زۆرە، بەڵام بۆ ئەوەی ئاســـتی وەبەرهێنانی تواناکانی ئافرەتیش بەرزبکرێتەوە، پێویستە زیاتر گرنگی بە توانای ئەو ئافرەتانە بدرێت کە لە کەرتی تایبەت کار دەکەن».

لانە زیاتر بابەتەکە شـــیدەکاتەوە و دەڵێت: «بێگومان هەموومان دەزانین و بەڵگەیەکی حاشـــاهەڵنەگرە کە هەرێمی کوردســـتان لە ســـایەی دیموکراتیزەبـــوون و بەمەدەنی بوونـــی دام و دەزگاکانی ئەمڕۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە پۆستە باڵاکاندان، بەڵام ئەو ئافرەتانە نەیانتوانیوە هێندەی ئافرەتانی ســـەرمایەدار رۆڵێکی کارا لە فریاکەوتنی ئاوارەکانی جەنگی دژ بە تیرۆردا بگێڕن».

لە لای خۆیەوە سەرۆکی کۆمەڵەی کارسازی خانمان (تریسکە ئەسعەدی) ئەوەی بۆ گوڵان روونکردەوە کە ئەوان وەك کۆمەڵەکەیان چەندین هەنگاوی جددییان بـــۆ بەهێزکردنی توانا ئابوورییەکانی ئافرەتان هەڵگرتووە و چەندین خولیان بۆ ئەو خانمانە کردۆتەوە کە دەیانەوێت لە بوارەکانی کەرتە ئابوورییە ســـەربەخۆکاندا کار بکەن، گوتیشـــی «ئێمە بێجگە لەوەی کارمان بۆ بەهێزکردنی تواناکانی هـــەر دوو رەگەز کردووە بە هاوکاری لایەنـــی پەیوەندیدار کارمان لەسەر دروستکردنی هاوبەندییەك لەنێوان سیستەمی کەرتی تایبەت و دروســـتکردنی کەســـی بەرهەمهێن کردووە، هاوکات ئێمە لەسەر دوو خـــاڵ کار دەکەین، یەکەمیـــان بەهێزکردنی توانا خودییەکانی تاکە کە بتوانێت ئەو کەســـە ســـوود لەو توانایـــەی وەربگرێت کە هەیەتی، دووەمیان بریتیە لە دروســـتکردنی سیستەمێك کە کەسی بەرهەمهێـــن بتوانێت کارەکەی بـــرەو پێ بدات و جۆرە کۆنتاکێکی لەگەڵ ئەو شـــوێنانەدا هەبێت کە کارەکـــەی ئەنجام دەدات، واتا بەستنەوەی هێزی کار بە بازاڕەوە، ئەمەش زیاتر بۆ ئەو ئافرەتانەی کە دەیانەوێت لە بازاڕدا کار بکەن» .

پارێزەری راوێژکار ژیان گەردی جێگری ســـەرۆکی کۆمەڵەی کارسازی خانمانە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەت زۆرتر دەتوانێت لە بواری ســـەرمایەداریدا سەرکەوتوو بێت، لەبەر ئەوەی «ئافرەت کەســـێکە بە سروشـــتی خۆی زیاتر لـــە کارەکان ورد دەبێتەوە، لە کێشەو پێداویستی ماڵیش دەزانێت و بەمەش دەزانێت کۆمەڵگە چی پێویســـتە، یەکێکیش لە بڕگە سەرەکییەکانی کاری سەرمایەداری ئەوەیە کـــە بتوانی پێداویســـتییە ســـەرەکییەکانی کۆمەڵگە پڕ بکەیتەوە، کەواتە ئافرەت لە کاری ســـەرمایەدریدا زۆر سەرکەوتوو دەبێت». گوتیشی: «سەرکەوتنی ئافرەتان لە بواری سەرمایەداری پێویســـتی بە ماوەیەکی دیاریکراو هەیە، لەبەر ئەوەی هێشتا لەم بـــوارەدا رێژەی ئافرەتـــان زۆر کەمە و تواناکانیـــان بە تەواوەتی دەرنەکەوتووە». ئەوەشی خستەڕوو کە کۆمەڵەی کارسازی خانمان بە هاوکاری وەزارەتی بارزگانی و پیشەسازی بەرنامەیەکیان داناوە، ئەویـــش بەکردنەوەی خولێکی پانزە رۆژی بۆ ئەو کەســـانەی کە دەیانەوێت لە بواری کەرتی تایبەتدا کار بکەن».

جـــوان عەبدولعەزیز خاوەنی پڕۆژەی جوانکاری و لەشـــجوانی ســـایە، باس لەوە دەکات کە ئافرەتیش وەك پیاو دەتوانێت لە رووی ئابوورییەوە گرنگی بە پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەی بدات. گوتیشی: «کۆمەڵگەی کوردەواری وەك زۆربەی کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی گیرۆدەی سیستەمێکە کە پیاو باڵادەستە تیادا، لەبەر ئەوە هەمیشە ســـەروەت و سامان لەدەست پیاوانە، بەڵام ئەمە نیشانەی ئەوە نییە کە ئێمەی ئافرەتان هەوڵنەدەین، بەڵکوو پێویســـتە ئێمە هەوڵبدەین بۆ ئەوەی ببینە کەسێکی بەرهەمهێن و کۆمەڵگەش سوودمان لێ ببینێـــت، لە وڵاتی ئێمەدا زۆر ژن هەن بە میرات پارەیەکی زۆریان بۆ ماوەتەوە، یان خاوەنی داهاتێکی زۆر و مووچەیەکی باشن، بەڵام مێردەکانیان رێگرییان لێدەکەن، پەرە بە باری ئابووریی خۆیان بدەن، چونکە نەریتی پیاوسالاری هەرگیز رێگە بە ژن نادات کە بتوانێت ئابووریەکی سەربەخۆی هەبێت» .

جـــوان جەختی لەوەش کردەوە کـــە حکومەتی هەرێم و میدیای کوردی پێویســـتە رۆڵێکی کاراتر بگێڕن بۆ بتوانن هانی ئافرەتان بدەن پەرە بە باری ئابووریی خۆیان بدەن و تەنانەت تێکەڵ بە کاری بازرگانی و بەرهەمهێنان ببن».

**حکومەتی هەرێم و میدیای کوردی پێویستە رۆڵێکی کاراتر بگێڕن بۆ ئەوەی بتوانن هانی ئافرەتان بدەن و تێکەڵ بە کاری بازرگانی و بەرهەمهێنان ببن**

**ژمارەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە پۆستە باڵاکاندان، بەڵام ئەو ئافرەتانە نەیانتوانیوە هێندەی ئافرەتانی سەرمایەدار رۆڵێکی کارا لە فریاکەوتنی ئاوارەکانی جەنگی دژ بە تیرۆردا بگێڕن**

**لە وڵاتی ئێمەدا زۆر ژن هەن بە میرات پارەیەکی زۆریان بۆ ماوەتەوە، یان خاوەنی داهاتێکی زۆر و مووچەیەکی باشن، بەڵام مێردەکانیان رێگرییان لێدەکەن، پەرە بە باری ئابووریی خۆیان بدەن**

### بۆ ئەوەی مافەکانی خۆی بپارێزێت

# پێویستە ئافرەتان تەلیسمی بێدەنگییان بشکێنن و رەخنەی خۆیان ئاراستەی دەوروبەر بکەن

زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە ئافرەت بە هۆی نەریتە کۆمەڵایەتییەکان و جیاوازە رەگەزییەکان کەمتر دەتوانێت تەلیسمی بێدەنگی بشکێنێت و شەرم رێگەی نادات رەخنەی خۆی ئاراستەی دەوروبەری بکات. ئایا ترسی ئافرەت لە دەربڕینی راستییەکان و شەرمی لە شکاندنی بێدەنگی و دوورەپەرێزی لە رەخنەگری تەنانەت لە ساتەوەختەکانی پێشێلکردنی مافەکانیدا چ هۆکارێکی هەیە و چۆن دەتوانێت بە سەر ئەو گرفتەدا زاڵ بێت؟ بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە



«کاتێك منداڵ بووم لەلایەن باوکمەوە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان مـــن و براکانم دەکـــرا، تەنانەت ڕێگەیان نەدەدا بـــە ئارەزووی خۆم یاری بکەم، هەمیشـــە دایکم بەوە دەیترســـاندم و دەیگوت: ئەگەر هەڵەیەك بکەی بابت دەتکوژێ، یان باســـی ئـــەوەی دەکرد، لەبەر ئەوەی کچم نابێ لە شوێنی بەرز باز بدەم، لەبەر ئەوەی کچم نابێ لەگەڵ کوڕان یاری بکەم، کە گەورەش بووم تەنیا تا پۆلی شەشی ســـەرەتایی ڕێگەیاندا بخوێنم، منیش هەر بێدەنگ بووم و ســـەری ڕەزامەندیـــم دەلەقاند، دوای ئەوەی زەواجم کرد و بوومە خاوەنی دوو کوڕی جوان، ژیانم هیچی لە ژیانی ژێردەســـتەیی ماڵە بابم باشتر نەبوو، چەند جارێك تۆرام، بەڵام بێســـوود بوو، کەسوکارم دەیانگوت ئەگەر هاوســـەرەکەت بشـــتکوژێ، نابێ بیر لە تەڵاق بکەیتەوە». ئەوە قسەکانی ئامینە ســـاڵح بوو. ئەو ڕاشکاوانە باسی ئەشکەنجە و ئازارەکانـــی هاوســـەرەکەی دەکات و دەڵێت : «زۆرم قبووڵ کرد، چوار ســـاڵی تەواو بەرگەم گرت، چیدی تاقەتم نەما، ویستم خۆم لە کۆیلەیەتی ڕزگار بکەم، لە کاتێکدا ئافرەتێکی پێگەیشتووی ٣٠ ســـاڵە بووم، بۆ یەکەمجار جورئەتم پەیدا کرد و لە ڕووی هاوسەر و باوك و برا و کۆمەڵگە وەســـتامەوە و گوتم: نا، دوای جیابوونەوەم چوومەوە بەر خوێندن، ئێســـتاش بەیانیـــان کار دەکەم و ئێوارانیش دەخوێنم، بەوەش نەك هیچم لە دەســـتنەدا، بەڵکو زۆر شتیشـــم بە دەستهێنا و توانیم مافە زەوتکراوەکانم وەربگرمەوە».

دەروونزان یوســـف عوســـمان، سەرەتا باســـی ئەوە دەکات کە لە ڕووی دەروونییەوە کاتێك بـــاس لە پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین، دەبینین کەلتوور بە ســـەر ڕەگەزی نێر و مێدا دابەش بووە، هەر ئەو کەلتوورەش هەژمونی نێرســـالاری بەسەر ڕەگەزی مێدا سەپاندووە، بۆیە ئافرەت لە ڕووی ســـایکۆلۆژییەوە زۆرجار ناتوانێ ڕاستییەکان بدرکێنێ، فاکتەرەکانیشـــی بۆ دوو هـــۆکار دەگەڕێنەوە. هۆکاری یەکـــەم: لەناو خێـــزان ڕێگەی پێنەدراوە قســـەی دڵی خۆی بکات و ڕاســـتییەکان بدرکێنێ، ئەگەرچی بێدەنگییەکەی زیانیشی پێی گەیاندبێت، چونکـــە ئەو دەرفەتەی نەبووە ببێتـــە خاوەن گوتار و بڕیـــاری خۆی، لە ڕووی دەروونی کۆمەڵایەتییەوە کەســـێك ڕێگر لەبەردەم قســـەکردنیدا هەبێ، ئەوا ئەو کەسە بێجورئەت دەبێ، خاڵی هۆکاری دووەم ئەوەیە کە ڕاســـتبێژی زیانی پێدەگەیەنێ و ناتوانێ بەرگری لە ڕاستییەکانی خۆی بکات، بۆیە بێدەنگی هەڵدەبژێرێ.

لە لای خۆیەوە یەکێك لـــەو پارێزەر خانمانەی لەبواری چالاکی بـــواری مافەکانی ئافـــرەت کاردەکات، جەخت لـــەوە دەکاتەوە کە «مێینەی وڵاتی ئێمە لە ســـاتەوەختی لـــە دایکبوونیەوە تا مردن غەدری گەورەی لێدەکرێ»، گوتیشـــی: «لە پەروەردەکردنی کچ بە پێچەوانەی کوڕ، ترس دەکەنە سەرمەشـــقی و تەنانەت جەســـتە و جووڵانەوە و قسەکردن و هەڵســـوکەوتکردن و پێکەنینیشی دەبێتە عەیبـــە، ئەو کچـــەش کاتێك کە گەورە دەبێت لـــە چوارچێوەیەکی داخراودا بیردەکاتەوە و گوزارشـــت لە بۆچوونەکانی دەکات، چونکە ئـــەو بڕیاردەر نییە، بەڵکو جێبەجێکەرە، کەســـانی دەوروبەری وەکو مـــەڕ و ماڵات بە پێش خۆیانیان داوە، هەر ئەوەش وایکردووە کچان و ژنانی کورد تاوەکو ئێستاش نەیانتوانیوە وەکو پێویست بەرگری لە خۆیان بکەن، زۆربەی ئافرەتان بە هۆی نەریتی کۆمەڵگەوە ناتوانن موعانـــات و ئێش و ئازارەکانی خۆیان دەرببـــڕن، یان ئەو غەدرانە قبووڵ نەکەن کە لێیان دەکرێت.

ئەو یاساناســـە چارەسەر لە وشـــیارکردنەوەی تاك لە دەستپێکی قۆناغەکانـــی پـــەروەردە و خوێندنـــدا دەبینێت، هـــاوکات ڕایوایە «زۆربـــەی کچانی کۆمەڵگەی ئێمە هۆشـــیار نین، بۆیە ٧٥٪ی ئافرەتانی کۆمەڵگەی کوردی هیچ بڕیارێکیان بە دەســـت نییە و خاوەن داهاتی خۆیان نین، بۆیە ژێردەستی و بێدەنگی قبووڵ دەکەن، ئەگەر هۆشـــیار بن، ڕازە خنکێنراوەکانی ناخیان ناشارنەوە و بە بێ ترس لە لەدەســـتدانی کەســـایەتی، ترس لە لەدەستدانی پلە و پایە، ترس لە لەدەســـتدانی وەزیفە ملکەچی هەموو فەرمانێك نابن و بە بەرامبەرەکەیان دەڵێن: نا،چونکە ماف نادرێ ماف دەسەندرێ».

کـــەژاڵ هۆرمزیار نوێنەری فەرمی مافی مرۆڤ بۆ کاروباری ئـــاوارە و کۆچبەرانی شـــاری هەولێر، چەند هۆکارێك بۆ ترســـی ئافرەت لە دەربڕینی ڕاستیەکان دەستنیشان دەکات کە گرنگترینیان بریتیتن لـــە: - بارودۆخـــی دواکەوتووی کۆمەڵگـــە، پەروەردەی خێزانی، لێکدانەوەی هەڵە بۆ دەقە ئایینییەکان، نەبوونی یاسایەکی دروســـت کە بەرگری لە یەکســـانی مافەکانـــی ژن و پیاو بکات. هاوکات دەڵێت: «بێگومان ئافرەتیش وەکو پیاو هەموو خەسڵەتێکی مرۆڤبوونی تێدایە و لە هیـــچ ڕوویەکەوە کەمتوانا نییە، بۆیە زۆر پێویستە ئافرەت نەترس و ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆی و دەوروبەری و هەمیشە بە بێ ترس سڵەمینەوە ڕاستییەکان بخاتەڕوو.

ئەندازیار شیلان بیبانی خاوەنی بڕوانامەی ماستەر لە بەڕێوەبردن و کارگێـــڕی، ســـەبارەت بە هەمـــان پرس بەمجـــۆرە ڕای خۆی دەردەبڕێـــت: «لە وڵاتی ئێمەدا بیردۆزێـــك لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ ئافـــرەت دانراوە بەوەی کە ئافرەت بە بێدەنگییەکەیەوە جوانتر دەبێت، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوییەوە دەبێت بپرسین، ئەی ئەگەر هەر بێدەنگ بێـــت، مافە زەوتکراوەکانی کێ دەنگی بـــۆ بەرزدەکاتەوە؟ دەنگی هەق بۆ دەبێت بۆ ئافرەتی ئێمە جێی شـــەرمەزاری بێت؟ بۆ دەبێت بەرامبەر بە بڕیار و کاری ڕاســـت و ڕاستگۆیی و تەنانەت ڕەخنەی دروست و بونیادنەریش ناوناتۆرەی ناشیرین بە ئافرەتەوە بلکێندرێت؟ زۆر بەداخەوە ئەگەر ئافرەتێك داوای مافی خۆی بکات و لەســـەر داواکارییەکانی خۆی ســـوور بێت، ئەگەر زۆر ســـادەش بێت، ئەوا ناوناتۆرەی ناشـــیرین و ناپەسەندی لێدەدەن، ئەگەر ئافرەتێك داوای مافە ســـادەکانی خۆی بکات ئەوا کۆمەڵگە و خێزانەکەشی دژی دەوەســـتن و زۆر بە تەنـــزەوە پێی دەڵێن ئەو ئافرەتـــە زمان درێژە. تەنانەت جاری وا هەبووە زیاتر کار و قورســـایی کەوتۆتە سەرشانی ئافرەت، با تیڕوانین و ڕەخنەکان لەسەر ئەساسی ئەوە بکرێت کە ئەو دەنگە دەنگی کارێکی ڕاست و هەقە، یاخۆد ناڕاست و هەڵەیە، نەك لەسەر ئەساسی ئەوەی ئەو دەنگە هی پیاوە، یان هی ئافرەت.

دەروونناس یوسف عوسمان سەبارەت بە ڕێکاری چارەسەری ئەو گرفتەی ئافرەتان دەڵێت: «تاکە چارەسەر بۆ ئەو گرفتە گرنگیدانە بە پەروەردەی نەوەی داهاتوو، کە بە دوو ســـتوونی هاوشێوە کاری لەسەر بکرێ، لە ناو خێزانەکان دەست پێبکات لە وێوەش بۆ پرۆسەی پـــەروەردە و خوێندن بۆ ئەوەی کچانیش بتوانن بوێرانە قســـە بکەن و گوزارشـــت لە بیر و بۆچوونەکانی خۆیـــان بکەن و بە جورئەتەوە وەڵامی هەموو پرســـیارێك بدەنەوە، لە هەمان کاتیشدا ڕەخنەکانیان مایەی قبووڵکردن بێت، ئەوکات نەوەیەکی تەندروســـت و چاونەترس دروســـت دەبێ، پێچەوانەی کچان و ژنانـــی ئەمڕۆ کە گومان لە هەموو شـــتێك دەکەن و بە گومانەوە لە دەوروبەر دەڕوانن. بەڵام بۆ ئەو ئافرەتانەی کە بەهۆی نەریتی کۆمەڵگە بێدەنگییان بە ناچاری کردۆتە بەرنامەی ژیانیان، باجێکی قورسی ئەو بێدەنگییەیان دەدەن، بۆیەو پاڵپشتی یاسایی چارەسەر و گەرەنتی و خولقێنەری ژیانێکی شـــرافمەتمەندانەی ئافرەتانی چەوساوە و مافخوراوە، جگە لەوەش ئەرکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و پارێزەرانی مافی ئافرەتە کە بتوانن بێدەنگی ئەو ئافرەتانە بشکێنن.

**ئەو ئافرەتانەی کە بەهۆی نەریتی کۆمەڵگە بێدەنگییان بە ناچاری کردۆتە بەرنامەی ژیانیان، باجێکی قورسی ئەو بێدەنگییەیان دەدەن**

**ئەگەر ئافرەتێک داوای مافە سادەکانی خۆی بکات ئەوا کۆمەڵگە و خێزانەکەشی دژی دەوەستن و زۆر بە تەنزەوە پێی دەڵێن ئەو ئافرەتە زمان درێژە**

**لە وڵاتی ئێمەدا نەریتێک هەیە لەلایەن کۆمەڵگەوە بۆ ئافرەت دانراوە بەوەی ئافرەت بە بێدەنگییەکەیەوە جوانتر دەبێت، بەڵام زۆر بە ڕاشکاوییەوە دەبێت بپرسین، ئەی ئەگەر هەر بێدەنگ بێت، مافە زەوتکراوەکانی کێ دەنگی بۆ بەرزدەکاتەوە**

**زۆر پێویستە ئافرەت نەترس و ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خۆی و دەوروبەری و هەمیشە بە بێ ترس سڵەمینەوە ڕاستییەکان بخاتەڕوو**



گوڵان: کۆمەڵایەتی

# سروە
# بەسەرهاتی خۆی لە شوێنی کارەکەی دەگێڕێتەوە

کاتی خۆی ماڵپەڕی گوڵان (www.gulan-media.com) ڕاپرسییەکی ئەنجام دا و تێیدا ئەم پرسیارە خرایەڕوو: ئایـــا دیاردەی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لەناو دامودەزگە حکومییەکان زیاترە، یان لە ناو حزبییەکان؟ لە ئەنجامدا لە کۆی هەزار بەشـــداربوو لە ســـەرجەم چین و توێژەکان، لە وەڵامی ئەو ئەو ڕاپرسییە ٧١٪ حزبییەکان و ٠٥٪ حکومییەکان و ٢٤٪یش هەردووکیان دەستنیشـــان کردبوو. یەکێك لەو ئافرەتانە کە ڕایوایە لە ناو دامودەزگە حکومی و حزبییەکانیش ئافرەت ڕووبەڕووی توندوتیژی و ئیستیغلال کردن دەبێتەوە، بەسەرهاتی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەگێڕێتەوە.

«ئافرەت چ لە ناو خێزان و چ لە شوێنی کارەکەی، ئیتر دەزگایەکی حکوومی بێت، یان حزبی، یان کەرتی تایبەت، زۆر جار ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبێتەوە. چونکە توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەگی داکوتیوە و چووەتە ناو شادەماری هەموو تاکێکەوە، بۆیە خێزان و حزب و حکومەت و کۆمەڵگەشی گرتۆتەوە».

ئەوە دەستپێکی قسەکانی سروەی تەمەن ٢٩ ساڵ بوو. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە بەمجۆرە باسی چەند ساڵی رابردووی ژیانی خۆی دەکات: «ماوەی چوار ساڵە وازم لە کارەکەم هێناوە و ئێستا وەك کچی ماڵەوە بێ ئیشم و هیچ داهاتێکم نییە. پێشتر جگە لەوەی لە کۆمپانیایەك فەرمانبەر بووم، چالاکی حزبیشم هەبوو، بەڵام ئەوەندە بێزار بووم لە جۆری مامەڵەی پیاوانی پلەدار لەگەڵ ئافرەتانی بەردەستیان، وازم لە هەمووی هێنا. بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە پیاوێکی چاوچنۆك بوو. ژمارە مۆبایلەکەمی هەبوو، بەردەوام داوای دەکرد چات بکەین. بەڵام من ئیهمالم دەکرد، چەندین جار هەڕەشەی دەرکردنی لێکردم، هەر دەیگوت: من سومعەی خۆم دەپارێزم و تەنیا تۆم خۆش دەوێ، ئەوەش تاوان نییە، تەنیا قسەم لەگەڵ بکە و مەجالم بدە زوو زوو بتبینم. بەڵام من هەر پشتگوێم دەخست. تا وای لێهات، هەفتانە کە سێ ڕۆژ دەوامم دەکرد، کردی بە شەش ڕۆژ، منیش مووچەکەم هەر بەشی هاتوچووەکەی دەکرد، بۆیە داوای وازهێنانم لە وەزیفەکەم پێشکەش کرد و بە تەواوی وازم لە دەوامکردن هێنا. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمە لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر ئافرەت بە تاوانباری یەکەم دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر زوڵمیشی لێکرابێت، ئەمەش تێڕوانینێکی هەڵەیە و پێویستە ڕاست و هەڵە و زاڵم و زوڵم لێکراو لە یەکتر جیا بکرێتەوە».

سروە لە درێژەی قسەکانیدا جەختی لەوە کردەوە کە «زۆربەی ئافرەتان ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە، جا ئافرەتی فەرمانبەر بن، یان کادیری حزبی بن، یان ئافرەتی ماڵ بن، بەڵام ئەگەر ئافرەت پلەیەکی سیاسی، یان ئیداری هەبێت، کەس ناتوانێت ئیستغلالی بکات، یان بە توندوتیژی مامەڵەی لەگەڵ بکات. تەنانەت ئەگەر کچ، یان ژنی بەرپرسێکی حزبی، یان ئیداری بێت، ئەوا مافی پارێزراوە و کەس ناتوانێت توندوتیژی بەرامبەر ئەنجام بدات، بەڵام ئەگەر ئافرەتێك فەرمانبەرێکی ئاسایی بێت و هیچ پشت و پەنایەکی نەبێت، چ لە حزب بێت، یان حکومەت، یان دەزگایەکی ڕاگەیاندن، یان کۆمپانیەکی کەرتی تایبەت، ئەگەری بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەری زیاترە، نەك لەبەر ئەوەی ئافرەتە، بەڵکوو لەبەر ئەوەی هێزێکی نییە بەرگری لەخۆی بکات و هیچ شتێکی نییە بتوانێت خۆی پێ بپارێزێت». گوتیشی: «یاسایەك نییە بەرگری لە مرۆڤە بێدەسەڵاتەکان بکات، یاسا تەنیا بەرگری لەمرۆڤە باڵادەست و خاوەن تواناکان دەکات، واتا گرفتەکە نەبوونی یاسایەکی تۆکمە و بەرقەرارنەبوونی یاسایەکی چەسپێندراوە لەنێو کۆمەڵگەدا، بۆیە بەداخەوە توندوتیژی لای ئێمە بۆتە عورفێك کە هەموو تاکەکان دەگرێتەوە».

سروە ئەو کەسانەی کە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەت بەکاردەهێنن و ئیستغلالیان دەکەن، بە کەسانی «خاوەن کەسایەتی لاواز و دەروون نەخۆش» هەژمار کرد و گوتی: «ئەو پیاوانەی ناتوانن سەیری کارامەیی و تواناکانی ئافرەت بکەن و تەنیا لە ڕووی سێکسەوە تەماشای دەکەن، کەسانی خاوەن کەسایەتی لاواز و دەروون نەخۆشن کە پێویستە بە توندی سزا بدرێن». گوتیشی: «زۆر بەداخەوە زۆربەی ئافرەتانی کۆمەڵگەی ئێمە پێیانوایە ئەگەر ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە و باسی بکەن، ئەوا خۆیان ریسوا دەکەن، لەبەر ئەوە هەمیشە شتەکانیان بە شاراوەیی دەمێنێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا وا نییە، بەپێچەوانەوە هەر ئافرەتێك ئیستغلالکردنی خۆی لەلایەن هەر کەسێکەوە قبووڵ بکات، یان بچێتە ژێر باری هەڕەشە و توندوتیژی، ئەوکات تەنیا شەرمەزاری و ریسوایی بۆ دەمێنێتەوە».

نارین عەبدولقادر چالاکوانی بواری مافی ئافرەتان و بەرپرسی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەموو هەڵسوکەوتێك کە جیاکاری ڕەگەزی و هەڕەشەلێکردن و سووکایەتی پێکردنی پێوە دیاربێت، توندوتیژییە، جا ئەگەر ئەو توندوتیژییە جەستەیی، دەروونی، یان کۆمەڵایەتی بێت، هەروەها چ لە ناو خێزان و چ لەناو حزب و دامودەزگەی حکوومی بکرێت، پێویستە ڕووبەڕووی سزا ببێتەوە».

بە بڕوای نارین بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان لەناو دەزگا حزبییەکاندا زۆر کەمە، چونکە «زۆربەی حزبەکان ڕێگەخۆشکەرن بۆ کارکردنی ئافرەت و هەوڵی پێگەیاندنیان دەدەن»، گوتیشی: «بێگومان ئافرەتان لەناو کەرتی تایبەتدا رووبەڕووی زۆرترین ڕێژەی توندوتیژی دەبنەوە، چونکە هیچ جۆرە ماف و دەستەبەرێکی کۆمەڵایەتییان نییە، هەروەها لە کەرتی گشتی واتا فەرمانگە حکوومییەکان ئافرەتان بە بەراود بەکەرتی تایبەت کەمتر ڕووبەرووی توندوتیژی دەبنەوە، ئەوەشمان لەیاد نەچێت، لە ناو حکومەتیش توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتان هەیە، چونکە توندوتیژی هەر تەحەروشپێکردن نییە، بەڵکوو هەراسانکردن و ڕێگەلێگرتن و بێبەشکردن لە مافەکان، ئەوانە هەمووی توندوتیژین، لە کەرتی گشتیش ئافرەتان ئەو کێشەیەیان هەیە، وەك ڕێگەگرتن لەپێشکەوتنیان و بێبەشکردن لە مافەکانیان، بەڵام من خۆم وەك ئافرەتێك ماوەیەکی زۆر دوورودرێژە لەناو دەزگە حزبییەکاندا کاردەکەم، هەست بەوە دەکەم کە ئافرەت لە ناو حزب ڕووبەڕووی توندوتیژی نابێتەوە، بەڵکوو هاوکاری دەکرێت و هانی دەدرێت، دیارترین نموونەش سیستەمی کۆتایە کە لە ناو کۆنفرانسەکانی حزبدا بۆ پێشکەوتنی ئافرەتان پەیڕەو کراوە».

**پێشتر جگە لەوەی لە کۆمپانیایەک فەرمانبەر بووم، چالاکی حزبیشم هەبوو، بەڵام ئەوەندە بێزار بووم لە جۆری مامەڵەی پیاوانی پلەدار لەگەڵ ئافرەتانی بەردەستیان، وازم لە هەمووی هێنا**

**هەر ئافرەتێک ئیستغلالکردنی خۆی لە لایەن هەر کەسێکەوە قبووڵ بکات، یان بچێتە ژێر باری هەڕەشە و توندوتیژی، ئەوکات تەنیا شەرمەزاری و ریسوایی بۆ دەمێنێتەوە**

**لە کۆمەڵگەی ئێمە لە هەموو حاڵەتەکاندا هەر ئافرەت بە تاوانباری یەکەم دادەنرێت، تەنانەت ئەگەر زوڵمیشی لێکرابێت**

**توندوتیژی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا رەگی داکوتیوە و چووەتە ناو شادەماری هەموو تاکێکەوە، بۆیە خێزان و حزب و حکومەت و کۆمەڵگەشی گرتۆتەوە**

# خیانەتی هاوسەری دایکی چوار منداڵ سەرگەردان دەکات

**ئـەو چیرۆكانەی كە خیانەتی هاوسـەری بووەتە هـۆكاری لێكترازانی خێزانێك كەم نین، دوای جیابوونەوەشـیان منداڵەكانیان دەبنە قوربانی یەكەم و چارەنووسـیان دەكەوێتە مەترسـییەوە. یەكێك لەو ئافرەتانەی كە بە هۆی خیانەتی هاوسـەری شیرازەی خێزانی تێكچووە و تەنانەت لە سۆزی دایكایەتی بۆ چوار منداڵەكەی بێبەش كراوە، نهێنییەكانی ژیانی بۆ گوڵان دەدركێنێت.**

باڵایەكی مام ناوەند و پێستێكی سپی و پرچێكی رەش و درێژی هەیە كە تا ناوقەدی شۆڕ بووەتەوە. گەرچی تەمەنی لە ٤٠ ساڵ تێپەڕیوە، بەڵام زۆر گەنجتر لە تەمەنی دیارە و هێشتا لە روخساریدا گەنجی و جوانی خۆی دەنوێنێت، بەڵام چاوەكانی پڕن لە نیگەرانی و دوودڵ بوونی لە دوابڕیاری بۆ جیابوونەوە لە هاوسەرەكەی و لە دەستدانی سۆزی چوار منداڵەكەی بە تەواوی خەمباری كردووە.

بەهرەی تەمەن ٤٢ ساڵ، یەكێكە لەو سەدان قوربانییانەی كە بەهۆی خیانەتەوە خێزانەكەیان لەبەر یەك هەڵوەشاوەتەوە. ئەو دایكی چوار منداڵە و پەشیمانی خۆی بۆ لەدەستدانی منداڵەكانی ناشارێتەوە و هاوكات جەخت لەوە دەكاتەوە كە «خیانەتی هاوسەری تاوانێكی زۆر قورسە و كەم كەس دەتوانێت قبووڵی بكات».

بەهرە بە خەمبارییەكی زۆرەوە بەمجۆرە باسی ژیانی رابردووی دەكات: «ئەو پیاوەی كە شووم پێكرد لە گەنجێتیمدا زۆر گیرۆدەی من بوو، كە هاتە داواشم ئامادە بوو هەر چییەك من بمەوێ، بۆمی بكات، ئەوە بوو شووم پێكرد و زۆریش بەختەوەر بووم، لە هیچ شتێكم كەم نەبوو، نە لە خۆشەویستی هاوسەرەكەم و نە لە ماڵ و نە لە پارە، هەر چییەك بڵێیت، هەموویم هەبوو، خوای گەورە چوار منداڵیشی پێ بەخشیم، بەڵام نەمزانی ئەو خۆشییە تا سەر نابێت و دواتر بێ ماڵ و منداڵ و بێ پارە دەبم. تازە هەمووشتێكم لەدەست چوو، بەڵام كە باسی دەكەم، هەست دەكەم كەمێك لە ئازارەكانم سووك دەبێت».

بەهرە زۆر بە تامەزرۆییەوە باسی منداڵەكانی دەكات و دوای ئەوەی بە گۆشەی لەچكەكەی فرمێسكەكانی سڕییەوە، بە دەنگێكی لەرزۆكەوە گوتی: «بە حەسرەتم پێش مردنم تەنیا جارێك منداڵەكانم ببینم، بەڵام مێردەكەم لەوەشدا هەر خیانەتم لێدەكات، بڕوا بكەن هیچ شتێك بەقەد خیانەتكردن ناخۆش نییە، چەند ساڵ عاشقانە لەگەڵی ژیام، كەچی بینیم لەسەر هەمان جێگەی من لەگەڵ ئافرەتێكی تر خەریكی رابواردن بوون، بۆیە لەو رۆژەوە كە بەو شێوەیە ئەوم بینی، تەنانەت منداڵەكانیشم لەبەر ئەو پیاوە خیانەتكارە نەهاتە بەرچاو، بۆیە تەڵاقی خۆمم وەرگرت، من بە منداڵی چوارەمی خۆم دووگیان بووم، دوو كچ و كوڕێكم هەبوو، كوڕەكەی دیكەشم هێشتا لە دایك نەبووبوو، كەچی باوكیان لەپاش ئەوەندە منداڵە كەوتە داوی حەزەكانی خۆی و خیانەتی لێ كردم».

وەك ئەوەی بەهرە باسیكرد، لە كاتی بینینی خیانەتەكەدا مێردەكەی زۆری لێ دەپاڕێتەوە و داوا دەكات گەر كەس بەو رووداوە نەزانێ، چی بوێت، بۆی دەكات، لە بارەی چۆنیەتی رازیبوونیشی دەڵێت: «بێ شوێن بووم، دایك و باوكم نەمابوو، نەمزانی بۆ كێ بڕۆم، بۆیە قبووڵم كرد، بەڵام بەو مەرجەی كە مێردەكەم نەیێتەوە ماڵ،



**«بە حەسرەتم پێش مردنم تەنیا جارێک منداڵەکانم ببینم، بەڵام مێردەکەم لەوەشدا هەر خیانەتم لێدەکات»**

گوڵان: کۆمەڵایەتی

**«ئەوەی لە ژووری نووستنی خۆم لەگەڵ مێردەکەم بینیم بووە هەوێم و ماڵ و منداڵمی داگیر کرد»**

گوتم با منداڵەکانم نەزانن کەوا باوکیان چی کردووە لەو تەمەنە، ئەویش خانوویەکی بەرامبەر ماڵی خۆمان گرت و لەوێ دانیشت، بەڵام منداڵەکانم بەردەوام سەردانیان دەکرد، تا رۆژێك مێردەکەم هاتە ژوورەوە و گوتی: دەمەوێت قسە بکەین، دانیشتین کە گوێم گرت، گوتی: ئەو ژنەی لەگەڵم بوو، دەیهێنم، بەڵام من ناهێڵم منداڵم لێی هەبێت، ئەوە بوو قەناعەتی بە من هێنا و ئەویش ژنەکەی هێناو هەوێی بەرامبەر ماڵم دانا، رۆژانە من لە خەمخواردن زیاتر هیچ شتێکی ترم نەبوو، مێردەکەم بەردەوام شتی جوانی دەکڕی و دەیبردە ماڵەکەی بەرامبەرم، رۆژ بە رۆژ خەمی زیاترم بۆ دەخوارد، زۆرم لە کزی دا، تا رۆژێك بینیم کە هەوێیەکەم زگی هەیە، ئیتر چیتر پێم قبووڵ نەکرا و یەکسەر ماڵم جێهێشت، بەڵام بریا قەد ئەو هەڵەیەم نەکردبا، هەوێ هاتە جێگەی من و تەنانەت منداڵەکانیشم لای باوکیان گرت، باوکیان دڵی هەمووانی برد، تەنیا ئەو کوڕەم نەبێت کە تەمەنی دووساڵی تەواو نەکردبوو، ئیتر من لە ماڵی خوشکم مامەوە، بۆ ماوەی ساڵێك کەس نەهاتە شوێنم، خوشکم و زاواکەمان چەندجار چوون بێ فایدەبوو، منداڵەکانیشم ئامادە نەبوون من ببینن، ئەوە بوو ژنەکەی هێنا ناو ماڵەکەی من و کچە گەورەشمی بە شوو دا و کوڕە بچووکەکەشی لێ سەندمەوە، بۆیە ئەوەندەی تر بێزار بووم، چووم داوای تەڵاقم کرد لە دادگا، دواتر کێشەکەمان یەکلایی بوویەوە و تەڵاقی دام، منداڵەکانیشم هەموویان لای باوکیان و زڕداکەیان مانەوە و نەهاتنە لای من، منیش تەنیا خەمم بەدیار ئەو منداڵانەوە دەخوارد».

بەهرە لە کۆتایی قسەکانیدا بە خەمبارییەکی زۆرەوە گوتی: «ئێستا دانیشتووم لە ماڵی خوشکەکەم و منداڵەکانی ئەو گەورە دەکەم، بەڵام سوپاس بۆ خوا تەنها کچە گەورەکەم بڕوای بە من کرد، دوای بەشوودانی ئێستا بە نهێنی دێت سەردانم دەکات، تەنیا ئەو دەزانێت کە باوکیان چ غەدرێکی بەرامبەرم ئەنجام داوە، بەڵام منداڵەکانی ترم هیچ کاتێك نایانەوێت تەنانەت بشمبینن، باوکیان ئەوەندە منی لەبەرچاویان ناشیرین کردووە، بەڵام چی بکەم؟ تەنیا داواکارم خوا هەقم بکاتەوە، چونکە ئەوەی لە ژووری نووستنی خۆم لەگەڵ مێردەکەم بینیم، دواتر بوو بە هەوێم و ماڵ و منداڵمی داگیر کرد..».

